# نابێ بهێڵین ئیسلامی سیاسی پەنابەران بكات بە گژی یەكدا!

ماوەی چەند ڕۆژێكە كێشەیەك لە نێوان پەنابەرانی كوردو پەنابەرانی چیچانیدا لە كەمپی نورد بی برۆتن لە قۆلەر لە ئارادایە و چەندین جار ئەم پەنابەرانە تیكهەڵچوون . تا كار بەوە دەگات شەڕ لە نێوانیاندا دروست دەبێت و چەندین كەس لە یەكتری بریندار دەكەن. ئەم كێشانەش لەوەوە سەرهەڵدەدات كە پەنابەرانی چیچانی، بە قەولی پەنابەرە كوردەكان، دەیانەوێت فەرزی ئەحكامی ئیسلامی بكەن لە كەمپەكەداو دەكەونە ئیهانەكردن و تەنانەت جنێودان بەو كەسانەشی كە نوێژ ناكەن یان باوەڕیان بە ئیسلام نیە. وە لە كاتی شەڕەكەدا دەكەونە وێنەگرتنی ئەو پەنابەرە بریندارانە بە ووتنی "الله اكبر" لەسەر سەریان و بە قەولی خۆیان جیهاد دەكەن. ئەمەو زۆرێك لەو كێشانەی كە لەم كەمپانەدا ڕوو دەدات بەرەنجامی قەرەباڵغیەكی زۆرو كەمی ئیمكانات و پێداویستیەكانی ژیانی پەنابەرانەو ئەم سیاسەتەش لە لایەن دەوڵەتەوە گیراوەتە بەر بۆ كەمكردنەوەی تێچوونی كەمپەكان و لەم ماوانەی دواییدا چەندین كەمپ داخراون.

دوێنێ واتە ڕۆژی 2005/09/19 ئەو پەنابەرە كوردانە پەیوەندیان بە ڕێكخراوەوە كردو بۆ چارەسەركردنی كێشەكەیان بەرەو ئۆسلۆ هاتن چونكە بەرپرسیارانی كەمپ و پۆلیسی ئەو ناوچەیە وەك پێویست ئەم كێشەیە یان چارەسەر نەكردو كارێكی ئەوتۆیان بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئەم پەنابەرە كوردانە لە بەرامبەر هەڕەشەكانی ئەم ئیسلامیانەدا نەكرد. سكرتێری ڕێكخراو "كامل احمد" بە نوێنەرایەتی ئەم پەنابەرانە كە لەبەردەم پۆلیسی گشتی شاری ئۆسلۆدا بۆ كۆتاییهێنان بەكێشەكانیان كۆبووبونەوە لەگەڵ پۆلیسدا كەوتە گفتوگۆ و لە ئەنجامی زیاتر لە 4 كاتژمێر گفتووگۆ توانییان داواكاریەكانیان فەرزبكەن كە بریتی بوو لە نەگەڕانەوە بۆ ئەو كەمپە. هەر ئەو شەوە بەڕێوەبەرایەتی كۆچ UDI ناچار بوو كە بەشێوەیەكی كاتی تا ئەمڕۆ بۆ كەمپێكی كاتییان بگوێزێتەوە بۆ حەوانەوەو ئەمڕۆش هەموانی گواستەوە بۆ كەمپێكی تر لە ئۆسلۆ.

ئێمە ڕادەگەیەنین كە ئەوانەی پێیان وایە دەتوانن لە ئەوروپاشدا ئەو پەیامە ڕزیوو گەندەڵەی خۆیان جێبەجێ بكەن، دەبێت بزانن كە هەم خەڵك ڕێیان پێنادات و هەمیش لە بەرامبەر یاسادا لێپرسراو دەبن و ڕێكخراوی ئێمەش نەك تەنها پاڵپشتی لەم كێشانە دەكات، بەڵكو لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دژ بە ئیسلامی سیاسی ڕاوەستاوە. ئیسلامی سیاسی لە ئێران‌و ئەفغانستان‌و سعودیەو...... كەمی بەسەر ئینسانەكان نەهێناوەو هەر لەوێ شمشێری دژ بە خەڵك‌و ئازادیەكانیان‌و ژنان‌و منداڵان بەرزكردۆتەوە. ئەوەتا لە عێراقیش كۆمەڵگایەكیان بە تەواوەتی لە خوێن هەڵكێشاوەو بەفەرزكردنی دەستورێكی فاشی_ئیسلامی خەریكن ئەوەندەی تر عێراق بخەنە زەلكاوی كۆنەپەرستی‌یەوە.

وەستانەوە بەرامبەر بە ئیسلامی سیاسی بە كاری خۆمان دەزانین‌و هەموو كەسانی ئازادیخوازو سێكیولاریش بانگەواز دەكەین لەم خەباتەمان لەگەڵمان بن. پۆلیسی نەرویج‌و دەزگا بەرپرسەكانیش نابێ بە بیانوی ئەوەی بیروڕای خۆیانە لە ئیسلامی سیاسی بگەڕێت ئێرەش بكەنە مەیدانی شمشێربازێنی خۆیان. هەر كەسێك هێرشی جەستەیی یان ڕۆحی بكاتە سەر كەسانی تر ئەبێ لە لایەن یاساوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بكرێت‌و بەگوێرەی ڕادەی هێرشەكەی سزابدرێت.

ڕێكخراوی پەنابەرانی كوردی عێراق لە نەرویج
20.09.2005

ikafn@yahoo.com